## بیردۆزەکانی مامە تالە... شوان شاربازێڕی

ئەوەنەت ووتووە بەبەڵگەوە، تاوات لێکردم منیش بگەمە ئەوەی کە بڵێم بەبەڵگەوە تاهیرە ڕەش سەربە دەزگای زانیاری یەکێتیە، ئاخر گەر وانەبێت چ ڕێکەوتێکە کە هەرلەیەکەم ساتەوە دوای کارەساتەکەی هەڵەبجە مامە تالە دەستی تاوانی بۆ پارتی درێژ کردو زۆر دڵنیابوو بەهێنانەوەی چەند مانشێتێکی پەیامنێر بەنمونە، هەرچەندە مێژووی خوێناوی ئەو دوحیزبە لەوە زۆرتری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە لەهەموو ئان و زەمانێکدا باڵێکی ناسراوی ئەو ئۆرگانە سەوزە تۆخە بڕوای بەتۆڵە سەندنەوە هەبووەو زەمینەی بۆ خۆش کردووە، وەک چۆن بۆ ئەوەی ئەو مەرامانەی کەنایانەوێت بە ئاشکرا دژ بەپارتی بیڵێن و بیکەن بەچەند کەسانیکی تری دەسپێرن، ئاواش مامە تالە یان دەستکەوتوە و لەم ڕوداوەی دواییشدا چەند زانیاریەکیان پێ داوە تا بەناوی ڕۆژنامەوانییەوە بڵاوی بکاتەوە کە لەلایەکەوە پارتی پێ ئیدانە بکەن و لەلایە کیش توشی کێشەی سیاسی نەبن، ئەی ئەوە نیە پاش پتر لەهەفتەیەک سایتی پوک میدیا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لەوە دەکات کە ئەو کەسانەی گیراون دانیان بەوەدا ناوە کە سەر بەلایەنێکی گەورەی کوردستانن؟ ووو....

وە لەم کاتەدا ناتوانن زانیاری زیاتر بدەن لەبەر ئەوەی نەبێتە تەگەرە لەبەر دروست بوونی حکومەتی ئەکگرتوو، ئایا ئەمە چ دەگەیەنێت؟

چۆنی دێنی و دەبەی هەر دەبێت بڵێین بەبەڵگەوە کاک تاهیری ساڵەحی شەریفی سەر بە دەزگای زانیاریەو موچەکەی حەڵاڵە.

بەڵام لەهەمان کاتدا بیردۆزێکی دی دێتە ئاراوەو دەڵێت ڕەنگە دەزگای زانیاری سەر بە مامە تالە بێت.

هەربژی مامە تالەی بلوێری نوشتەکەری چاوسورکەرەوەی سەربەوان.

kurdn@hotmail. de
2006 .03 .28